# تیرۆریزم و پرخەی‌خەوی میدیاکانی کوردستان

شەپۆل سەعید



میدیاکانی کوردی بەتایبەتی میدیای هەردوو یەکێتی نیشتمانی‌وپارتی دیموکراتی‌کوردستان بەنیازنین لە گۆرانی داواکراووبارنامەی بێلەزەت پاشەکشە بکەن !! ئەگەر ئێمە ئاورێك لەو کارەساتانە بدەینەوە کە گروپەدینی‌یە توندرەوەکان‌وتیرۆرستەئیسلامییەکان خولقاندوویانن لەکوردستان بەسە بۆئەوەی بەراستی بیر لە واقعی کوردستان بکەینەوە ئیستاش کە تیرۆرستان بوونە واقعێکی ناپەسەند لەکوردستان, ئەمە ئەوە ناسەلمێنیٚ کە کەکوردستان زەمینەی لەبارە بۆ ئیسلامییەکان بەڵکو ئەوە ئەو واقعە پیشان دەدا کە مەرایی‌وریاکاری حزبە بەناو عەلمانیەکان چەندە زەمینەی بۆخولقاندون‌وچەندەش لەئاست واقعی کوردستان نامسئولن, ئاخر فتوای ئاگراویی مەلاکان لەسایەی دەسەڵاتی هەردووحزبدابوو بۆیە ئەمە حالە ترسناکە نەبوونە جیگەی هەڵوەستەی کەنالەکانیشیان, بەڵکو کردەوە خوێناویەکانیشیان جگە لە (3) ڕۆژ پرسەدانان هیچی تەنەبوون!! دەمێك بووتیرۆرستان هەرەشەی جدی‌یان لە کۆمەڵودەسەڵات‌و حزبەکانیش کرد, مەلاکانیان بەئاشکراو لەموکبەرەی مزگەوتەکانیانەوە فتوای ئاگرین‌وتەکفیرکردنی خەڵك‌وکوشتنی سیاسیی‌وبەتایبەتی کۆمۆنیستەکان‌و رۆشنبیرانیان دەدا, کەچی‌کەناڵەکانی راگەیاندنی ئەوحزبانە هەرلەسەر بەرنامە بێلەزەتەکانی خۆیان وەك‌و بەرنامەی‌گۆرانی داواکراوو بێزەوق بەردەوامبوون, لە دوای ڕاپەڕینەوە تیرۆرستان لە لەمزگەوتوو ماڵەکانی خۆیاندا خەریکی مێشکداشۆرینی گەنجەکان بوون بۆ کوشتن‌وسەربرینو فەسادوجیهاد, مزگەوتەکانیان بۆکاری توندوتیژی بەکارهێنا(cd)وشریت‌وکتیبی بەرنامەرێژی‌توندوتیژیا هەڵرشتەنیوبازارومالەکانەوە, دەساڵە تیرۆرستێکی وەك شێخ زانا خەریکی دروستکردنی موخابەراتی ئیسلامیەوخەڵك سەردەبریٚ‌ولەماڵەکەی خویدا رۆحی مرۆڤ دەکێشیٚ‌وجەستەی پارچەپارچە دەکاو لەژێر سایەی دەسەڵاتی پارتی دیموکراتدا جەستەی لەتلەتکراویشی لەلایەکی تری شار فریٚ دەدات, کەچی ئەم کەناڵانەش سەرگەرمی گۆرانی دواواکراووگێژکردنی لاوان بوون, بەئاراستەیەکی تردا!! ئاخر لەدوای ئەو هەموو نامەس‌ولاياتەوە کەسێکی وەك دکتۆر کەمال لەسەر دوو پەرە کاغەز دەگیرێت!! کەچی هەتا ئێستا شێخ زاناو جەماعەتەکەی دادگایی نەکراون, کەچی هێشتا دوو حزبە بەناو دیموکراسیەکەی کوردستان,بۆئەم مەبەستە بەرنامەیەکی گونجاویان نیە, هەرلە تەلەفزیونەکانی خۆیانەوە چەندین بەرنامەی ئاینی بێکەڵکیان هەیە کەچی بەرنامەیەکی گونجاوویان نیە لەسەر مومارەسەکردنی مافەکانی مرۆڤ., مەلایەکانی لایەنگری تیرۆرستان بە ئاشکراو توندرەویەوە هاواری دەکرد کوشتنی کۆمۆنیستەکان غەزایە, ئەمحزبە بەناودیموکراسیەو ناوەندەکانی راگەیاندنیان بێدەنگبوون‌وبگرە هاندەریشیان بوون, مەلایەکی تر لەشاری هەولێرلە بڵندگۆی مزگەوتەوە هاواری کردبوو( ژنی سفور وەك تەکسی وایەو هەموو کەس بۆی هەیە سواری بیٚ‌وژنی حجابیش وەك سەیارەی خصوصی وایە تەنها بۆخاوەنەکەیەتی) ئاخر ئەمە ناماقوڵیی نیە باشە چەند کەنالی میدیایی یەکێتی‌وپارتی وەڵامی ئەم مەلایەیاندایەوە؟؟ بەڵام باپپرسین, ئەوکەناڵانە لە بەرانبەر ئەم ناماقوڵی‌ودەیانی‌تری هاوشێوەی ئەمە چ هەڵوەستەیەکی دیموکراسیانەو ئینسانیانەیان کردووە لەبواری سیاسی‌و لەبواری راگەیاندنەوە ؟ ئەی چەندە دەرفەتیان بۆ رۆشنبیران‌وکۆمۆنیستەکان خولْقاند؟ تابەرپەرچی ئەوکۆنەپەرستانە بدەنەوەو ڕیگەنەدەن رۆلەکانی کورد ببنە سووتەمەنی‌وقوربانی عەقڵییەتێکی مرتجع؟! باشە ئەگەرکۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی دینیە؟ ئەی ڕێکخراوە دیموکراسی‌وعەلمانیەکان کاریان چیە؟ لاوەکان بۆ ریشێکی درێژی تیرۆرستیانە بەردەدەنەوەو ڕولە تەکفیروجیهاد دەکەن؟ ئەی تەلەفزیونەکان کارییان چی‌یە؟ مەگەر ئەوان خۆیان بەمسئول نازانن لەبەرانبەر دوارۆژی رۆلەکان؟.